Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

**Journal of University of Garmian**

https://doi.org/١٠.٢٤٢٧١/garmian.٢٠٧٠٣٠٣

# پێوەرەكانى لادان لە زمانى شيعريى (كەژاڵ ئەحمەد)دا

**ئەحمەد محەمەد ڕەشيد ميرە**

زانكۆى هەڵەبجە_كۆلێژى پەروەردەى شارەزوور

بەشى زمانى كوردى

**Article Info**

Received: June , ٢٠٢٠

Revised: June ,٢٠٢٠

Accepted: July ,٢٠٢٠

**Keywords**

لادانى زمانى، زمانى باو، زمانى شيعرى، دەق شيعرى

**Corresponding Author**

ahmad.mira@uoh.edu.iq

**پوختە**

ئەم توێژينەوەيە بە ناونيشانى (پێوەرەكانى لادان لە زمانى شيعريى (كەژاڵ ئەحمەد)دا، بەگشتى لە سنورى دوو بەشدا ئەنجامدراوە. بەشى يەكەم، بۆ ڕوونكردنەوەى چەمكى لادان و پاشان دياريكردنى ئەو مەرجانە تەرخانكراوە، كە كراونەتە پێوەرو بنەما لە جێبەجێكردنى لادانى زمانى و لەوەشەوە چنينى دەق و وێنەى شيعريدا. لە بەشى دووەميشدا، لەلايەك جەخت لەسەر زمانى شيعريى كراوەتەوە، لەلايەكى ديكەشەوە، پۆلێنكاريى بۆ دياريكردنى جۆرەكانى لادانى زمانى پەيوەست بە دەقە شيعرييەكانى (كەژاڵ ئەحمەد)هوە كراوە، تێيدا نموونەكان لە (ديوانى كەژاڵ ئەحمەد)هوە وەرگيراون و بەپێى مەرج و بنەماكانى لادان، ڕاڤەكراون.

## پێشەكى:

ئەم توێژينەوەيە بە ناونيشانى (پێوەرەكانى لادان لە زمانى شيعريى (كەژاڵ ئەحمەد)دا)، بەگشتى لە سنورى دوو بەشداو بەپێى ڕێبازى وەسفيى شيكارى، ئەنجامدراوە. بەشى يەكەم، بۆ ڕوونكردنەوەى چەمكى لادان و پاشان دياريكردنى ئەو مەرجانە تەرخانكراوە، كە كراونەتە پێوەرو بنەما لە جێبەجێكردنى لادانى زمانى و لەوەشەوە چنينى دەق و وێنەى شيعريدا. لە بەشى دووەميشدا، لەلايەك جەخت لەسەر زمانى شيعريى كراوەتەوە، لەلايەكى ديكەشەوە، پۆلێنكاريى بۆ دياريكردنى جۆرەكانى لادانى زمانى پەيوەست بە دەقە شيعرييەكانى (كەژاڵ ئەحمەد)هوە كراوە، تێيدا نموونەكان لە ديوانى (كەژاڵ ئەحمەد)هوە وەرگيراون و كاريان لەسەر كراوە. لەكۆتاييشدا، ئەو ئەنجامانەى توێژەر پێيانگەيشتووە، لە چەند خاڵێكدا خراونەتەڕوو.

١. پرنسیپ و پۆلێنکاریی جۆرەکانی لادانی زمانی

١/١ چەمکی لادان

چەمکی لادان لەناو زمانی شیعریدا چەمکێکی فرە ڕەهەندەو لەگەڵ مێژووی دەقی ئەدەبیدا، ئەم چەمکەش ئامادەیی هەبووە. چەمکەکە بەپێی سروشتی زمان و کەلتوورە جیاوازەکان و قوتابخانە زمانەوانی و ئەدەبییەکان، گۆڕانی بەسەردا هاتووە، واتە بەشێوەو پێوەری جیاواز مامەڵەی لەگەڵدا کراوە. بەشێوەیەکی گشتی، لادان بەشێکی بنەڕەتییە لەناو زمانی شیعریدا.

"چەمکی لادان بە چوارچێوەیەکی تیۆری بنچی دەژمێردرێت، بۆ زانینی بۆچوونە بنیاتگەرییەکانی شیعر، ئەوانەی پەیوەندیدارن بە ڕووە ڕەوانبێژییەکان، بۆیە هەر لە کۆنەوە زانایانی ڕەوانبێژی بە دوورو درێژی تیشکیان خستۆتەسەرو شتی زۆریان لەسەر نووسیوە" ئیدریس عەبدوڵا (٢٠١٣: ٧٣). لەلایەکی دیکەوە، گەر چەمکی لادان شیبکەینەوەو بناسێنین، لادان دەرچوونە لە زمانی ئاسایی باو، واتە لادان لەو زمانە باوەی، ئاخێوەری زمان پەیوەست بە چەمك و ناوەڕۆك و واتای یەکەو توخمە فەرهەنگییەکانەوە بەکاریدەهێنێت، وێڕای ئەوەی، عەبدولسەلام نەجمەدین عەبدوڵا (٢٠٠٨: ٤٤) بۆچوونی وایە: "لادان بریتیە لە پێشێل کردنی نۆرم و یاسا باوەکانی زمانی ئۆتۆماتیك یان بە واتایەکی تر شاعیر بە کەم کردنی هەندێ ڕێسا کە لە زمانی ئۆتۆماتیك دا بەکاردێن شیعرەکەی خۆی دروست دەکات".

زۆرجار کردەی لادان ناڕاستەوخۆ پەیامی خۆی دەگەیەنێت، بۆیە بە کردەیەکی لێڵ و ئاڵۆز وێناکراوە، نووسەر وەك میکانیزمێکی دیاریکراو بۆ گەیاندنی مەبەستێك سوودی لێوەردەگرێت، کەواتە لادان ڕێگایەکە بۆ دروستکردنی کاریگەریی چێژو وێنەی هونەریی لای خوێنەری دەق. بەوەش "دەبێ لادانەکە سوودێك بگەیەنێت، چونکە لادان لە خودی خۆیدا ئامانج نییە، بەڵکو ئامانج لە لادان دروستکردنی کاریگەرییە لەسەر خوێنەر، بۆئەوەیە خوێنەر بەو شێوەیە ئاڕاستە بێ، کە واقیع و خەونی نووسەرەکە دەیخوازێت.. جا ئەو سوودە کورتبڕی بێ، درێژبڕی بێ، بەکارهێنانی وشەو ڕستەکان بێ بۆ غەیری واتای دروست و شێوازی دروستی خۆیان، یان هەر لادانێکی دیکە بێت". ئیدریس عەبدوڵا (٢٠١١: ٦٣، ٦٤)

هەموو ئەمانە ئەوەمان پێدەڵێن، کە لادان پرۆسەیەکی هەڕەمەکی و لەخۆوە نییە، بەڵکو پەیوەستە بە جێبەجێکردنی کۆمەڵێك یاساو ڕێسای دیاریکراوەوە، لەوڕووەوە، کە (توانای ڕەسەنایەتی توانایەکە لە هەموو ئاخێوەرێکدا هەیەو لەپیادەکردنی تەواوی یاساکانی زمانەوە دێ، بەڵام توانای داهێنان، بەزۆری لە شاعیردا هەیەو لە بەزاندنی یاساکانی زمانەوە دێ) محەمەد مەعروف فەتاح (٢٠١٠: ٤٠٣)، هەبوونی توانای داهێنانی نوێش لە زمانی شیعریدا، پەیوەستە بە تواناو زانینی زمانیی شاعیرو پابەندبوون بە تەواوی یاساو ڕێساکانی زمانەوە، دواتریش، بەزاندن و شکاندنی ئەو یاسایانە، ئاگایانەو بەمەبەست لە بەرهەمهێنان و چنینی دەقی شیعریدا، ڕوودەدات. دەتوانین بڵێین، چەمکی لادان لە زمانی شیعریدا کورتدەبێتەوە، لەو یاساو ڕێسا نوێیانەی لە بونیادی دەقەکەدا لەپێناوی مەبەستێکی نوێدا دێنەئاراوە.

٢/١ مەرجەکانی لادانی زمانی و شیعرییەتی دەق

زانایان و شارەزایانی بواری ئەدەب، بەگشتی چەند مەرجێکی سەرەکییان وەك بنەمای بەرهەمهێنان و هێنانەئارای دەقی ئەدەبیی سەرکەوتوو پەیوەست بە لادانەوە دیاریکرووە، کە پێیانوایە بەبێ بوونی ئەو مەرجانە، لادان لەدەقی ئەدەبیدا بەهایەکی نابێت، ئەوانیش:

١. لادانەکە بەشێوەیەك بێت لە چوارچێوەی ڕێگەپێدراوی ڕێزماندا ئەنجامبدرێت. ئیدریس عەبدوڵڵا (٢٠١٣: ٤٣). بەو واتایەی، پرنسیپ و بنەما سەرەکییەکانی ڕێزمانی تێدا پارێزراو بێت. (بڕوانە: ٢/٢_١_١، ٢/٢_١_٢) ی ئەم توێژینەوەیە.

٢. مەرجە لادانەکە سوودبەخش بێت، چونکە وەك پێشتر گوترا، مەبەستی لادان، دانان و دروستکردنی کاریگەرییە لەسەر خوێنەر، یاخود گوێگر، بۆیە نابێت بەشێوەیەکی هەڕەمەکی، ئەنجامبدرێت، چونکە دواجار وەك شێوازی دیاریکراو و تایبەتیی خودی شاعیر، دەردەخرێت و دەناسێنرێت.

٣. ئەو دەقە ئەدەبییەی، لادانی تێدا ئەنجامدەدرێت، مەبەست و واتاکەی بۆ وەرگر (خوێنەر، گوێگر) ڕوون و ئاشکرا بێت، نەك بەپێچەوانەوە، لادان دەقەکە لە مەبەستە بنچینەییەکەی خۆی، دووربخاتەوە. بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: يحيى بن حمزة بن علی (٢٠٠٨: ٦١_٦٦)

کەواتە گەر لادان بێ گەڕانەوە بۆ پێودانگ و پابەندبوون بە مەرج و بنەما زانستییەکانەوە ئەنجامبدرێت، ئەوا لێکەوتەکەی، بەرهەمهێنانی دەقێکی ناسەرکەوتوو دەبێت، بەجۆرێك پێدەچێت لەو ئاستەدا نەبێت، کە (أ) لەلایەك ئامانج بپێکێت و کاریگەریی لە ئاستی باڵادا دروستبکات، (ب) وەکو پێویست پەیام و بیرەکەی بگەیەنێت. بەوپێیەی، هەبوونی کاریگەریی دەق، بەستراو و گرێدراوە بە ڕادەی سەرکەوتوویی دەقەوە، ئەمەش ئەو کاتە دەستەبەردەبێت، کە نووسەر تەواوی ئەو بنەمایانە پەیڕەوبکات، کە بۆ داڕشتنی دەقی باڵاو سەرکەوتوو، لەئارادان. "ئەوەی گرنگە لە لادان و پێویستە پشتگوێ نەخرێت ئەوەیە، مەرج نییە هەموو لادانێك سەرچاوەی بەرهەمهێنان و دروستکردنی وێنەی شیعری بێت، بۆیە پێویستە ئەو لادانەی کە دەلالەت لە وێنە دەکات و وێنە بەرهەم دەهێنێت، لەگەڵ لادانێکی تردا لێکجیابکرێنەوە". ئازاد ئەحمەد مەحمود (٢٠٠٩: ٤٩)

جان کۆهین، بنچینەی ڕوانینی خۆی بۆ شیعرییەت لەسەر چەمکی لادان دامەزراندووەو پێیوایە، لادان تاکە خاڵی جیاکەرەوەی نێوان شیعرو پەخشانە، لەمڕووەوە دەڵێت: "لادان لەنێو شیعر تەنیا هەڵەیەکی مەبەستدارە. تا لەڕێگەیەوە بگەنە ڕاستکردنەوەکانی تایبەت بە شیعر". سافیە محەمەد ئەحمەد (٢٠١٣: ١٧)

لەڕاستیدا، لادان تایبەتێتی و خەسڵەتێکی گرنگە، کە جۆرێك لە ئازادیی و دەستکراوەیی بە نووسەر دەدات لە نواندنی بیرەکانیدا، لەمڕووەوەو بەبڕوای (لیچ)، زەقکردنەوە لە دوو شێوەدا خۆی دەنوێنێت، "یەکەمیان لادان لەڕێسا باوەکانی زمان، دووەمیان زیادکردنی هەندێ ڕێسای نوێ بۆ ڕێساکانی زمان". شێرزاد عەبدوڵلا قادر (٢٠١٤: ١٥). ئەمەش بەو مانایە دێت، لادان و خۆنەبەستنەوە بە هەندێك یاسای زمانییەوە، دەرفەتی نووسەر دەدات لەوەی دەقەکانی بەو جۆرە دابڕێژێت، کە هاوتای چەمك و بیرەکانی بێت و دونیابینی و ئاوەزمەندییەکەی لەناویاندا ڕەنگبداتەوە، نەك بە شێوەیەکی سادەی ئەوتۆ، کە هیچ چێژێکی ئەدەبی، لە خوێندنەوەی دەق و وێنە شیعرییەکاندا نەهێڵێت.

٣/١ پێوەرو پرنسیپەکانی لادان

وەك پێشتر ئاماژەی پێدرا، کردەی لادان، گرێدراوە بە هەبوونی پێوەری دیاریکراووەوە، تاوەکو ببێتە پاڵنەرو لەڕێیەوە کردەکە جێبەجێبکرێت.

گەر بمانەوێت چەمکی (لادان) بەشێوەیەکی دروست و وەك بیردۆزێکی نوێی شیعریی، مامەڵەی لەگەڵ بکرێت و بنەما تیۆرییەکانی بچەسپێنرێت، پێویستە ئەو چوارچێوەو سنورە دیاریبکەین، کە لە شێوەو قاڵبی یەکە ئەدەبییە جۆراوجۆرەکان جیایدەکاتەوە، میکانیزم و کەرەستەی ئەو جیاکارییەش، دانانی پێوەرێکە تا پلەو ئاستی لادانە شیعرییەکانی پێ بپێورێت، لەگەڵئەوەشدا، ناتوانرێت پێوەرێکی نەگۆڕو جێگیر بۆ ئەم چەمکە دیاریبکرێت، هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە لادان چەمکێکی ئاڵۆزو گۆڕاوە، هەربۆیە لە ڕوانگەی کۆمەڵێك قوتابخانەی ئەدەبی و ڕەخنەیی جیاوازەوە، لێیکۆڵراوەتەوەو ناسێنراوە. شێرزاد عەبدوڵلا قادر (٢٠١٤: ٢٠)

کەواتە هەبوونی تێڕوانینی جیاواز لەبارەی چەمکی لادانەوە، دەبێتە کۆسپ لەبەردەم دیاریکردن و دەستنیشانکردنی پێوەرێکی گونجاودا تا بکرێتە بنەماو لە ناسینەوەی تایبەتێتی و خەسڵەتەکانی لاداندا، پشتی پێببەسترێت. ئەمەش وادەکات، هەر ڕەخنەگرێك لەسەر بنەمای تێڕوانینی خۆی، یان گەڕانەوە بۆ قوتابخانەو ڕێبازێکی دیاریکراو، پێوەر بۆ لادان دیاریبکات، هەروەك (مورو)ش لەبارەی لادانەوە دەڵێت: "چەمکێکی ناجێگیرو ئاڵۆزە، بەبەردەوامی دەگۆڕێت و ناتوانرێت بە یەك پێوەری دیاریکراو بپێورێت" أحمد محمد ويس (١٢٩)

بۆ نموونە، بەلای (ئەرستۆ)وە، هەر زمانێك ناباوی تێدا بێت، لەسەرووی زمانی ڕۆژانەوەیە، بەوەش (ناباوی) کردووەتە پێوەری سەرەکی، کەچی (ڕۆلان بارت) چێژو پلەی سفری نووسین دەکاتە پێوەرێکی سەرکەوتوو بۆ

پێوانەکردنی لادان، بۆ ئەمەش {بەفری سپی} و{بەفری ڕەش} بە نموونە دەهێنێتەوەو بەو جۆرە ڕاڤەیدەکات، کە فرێزی یەکەم چێژی تێدا نییە، بەوەی هاوتای باکگراوندو زانیارییەکانی پێشووی خوێنەرە، بەڵام فرێزی دووەم، ئاماژەیە بۆ تێکدانی زمانی ئاسایی و باو، ئەویش بە دەرچوون لە زانیارییە لەپێشینەکانی خوێنەر، بۆیە هەست بە چێژێکی زیاتر دەکات تێیدا. بڕوانە: سافیە محەمەد ئەحمەد (٢٠١٣: ٢٠)

بەمپێیە لەبواری ئەدەبناسیدا، چەند پێوەرێك کراونەتە بنەماو لە دیاریکردنی لادانداا بەهەند وەرگیراون، کە بەپێی قوتابخانەو ڕێبازە جیاوازەکان، بۆچوونەکانیش گۆڕانیان بەسەردا هاتووە. بەگشتی لەم توێژینەوەیەدا، تیشکدەخەینە سەر چەند پێوەرێکی دیاریکراو وەك بنەمای دیاریکردنی لادان و لەویشەوە بۆ شیکردنەوەو ڕاڤەکردنی دەقەکان، پشتیان پێدەبەستین.

١_٣/١ پێوەری زمانی باو

زمانی باو، ئەو زمانە دەگرێتەوە، کە ئاخێوەری زمان بۆ گفتوگۆو لەیەکگەیشتن لەڕووی (دەربڕینی بیرو گەیاندنی پەیام و ئەرکە کۆمەلایەتییەکانی زمان.....هتد)، بە پەیڕەوکردنی یاساو ڕێسا زمانییەکان، یاساکانی (فۆنۆلۆژی، مۆرفۆلۆژی، سینتاکس و واتا) بەکاریدێنێت، بەوەش دروستەو دەربڕاوی زمانیی واتا_ڕاست و ڕێزمان_دروست بەرهەمدەهێنێت.

دەشێت زۆربەی کات، وشەکان لە زمانی ئاساییدا بە کرۆکەواتاو چەمك و واتا فەرهەنگییەکەیانەوە بەکاربێن، وێڕای ئەو دەربڕاوانەی میتافۆرین، یاخود ئاخێوەری زمان لەڕێی بەکارهێنانی پراگماتیکییانەی زمانەوە، بەخشکەیی و ناڕاستەوخۆ، مەبەستەکەی دەگەیەنێت.

جیاواز لە زمانی ئاسایی باو، لە زمانی شیعریدا، شاعیر هەندێکجار وشەو لێکسیمەکان بە هەمان واتا بنەڕەتییە فەرهەنگییەکەیانەوە بەکارناهێنێت، بەڵکو بەپێی پێویستیی شیعرەکە، وشەو دەربڕاوەکان بۆ واتای دیکەو بە مەبەستەوە بەکاردەهێنێت. "یەکێك لەو پێوەرانەی، کە لەلایەن ڕەخنەگرانەوە بۆ لادان دانراوە، بریتیە لە پێوەری زمانی باو ((زمانی ئاسایی))، چونکە دوورکەوتنەوەیەکی زۆر لەنێوان ئەم زمانەو زمانی شیعریدا بەدی دەکرێت" شێرزاد عەبدوڵلا قادر (٢٠١٤: ٢١)

هەر لەوڕووەوە، ئاشکرایە زمانی ئەدەبیش، هەڵگری کۆمەڵێك تایبەتمەندیی دیاریکراوی خۆیەتی، کە دەتوانرێت بەهۆیانەوە مەبەستە شاراوەکەی نوسەر/ شاعیر وێنابکرێت، بە واتا "زمانی ئەدەبی خاوەنی کۆمەڵێك خاسیەتی دیاریکراوە، کە بەهۆیانەوە لە زمانی ئاسایی جیادەکرێتەوە، دەربڕینیش لەم زمانەدا چالاکی زیاترە لەو دەربڕینەی کە لە زمانی ئاساییدا هەیە، چونکە جگە لە دەربڕینی واتا بنجیەکەی خۆی، ئاماژە بە لایەنی نەبینراویش دەکات، هەروەها لایەنی هەڵچوون و خەیاڵکردنیش دەگرێتەوە، کەچی دەربڕین لە زمانی ئاساییدا تەنها ئاماژە بەو واقیعە دەکات کە ڕاستەوخۆ لەبەرچاومانە" پەخشان عەلی (٢٠٠٩: ٢٧)

شایانی گوتنە، زمانی شیعریی، نابێت هەمان زمانی ئاخاوتنی ڕۆژانەی قسەپێکەری زمان بێت، هەروەك (ئەرستۆ)ش جەختی لەسەر دەکاتەوە. لە ئاخاوتنی ئاساییدا، ئاخێوەر لەو شتانە دەدوێت، کە لە واقیعدا هەن و لەڕێی پەیوەندیی ئاماژەبەندییەوە ئاماژەیان پێدەکات، هەریەك لەو وشانەش، بە تەواوی زانیارییەکانیانەوە لە ئاوەزی ئاخێوەردا هەن و هەڵگیراون، بۆیە قسەکەر بە ئاسانی دەستی پێیاندەگات و گوێگریش لە پرۆسەی لێکدانەوەیاندا، لە واتاکەیان دەگات، بەڵام لە زمانی شیعریدا، شاعیر هەوڵدەدات بەجۆرێکی دیکە مامەڵە لەگەڵ وشەو هێما زمانییەکاندا بکات و بیانکاتە کەرەستەی زمانی شیعریی، بەجۆرێك "ئەو زمانە شیعرییەی وشەی ناباوی تیا بەکاربێت، بەرزی و شکۆمەندی تێدایەو لە سەرووی ئاستی زمانی ڕۆژانەیە، مەبەست لە بەکارهێنانی (وشەی ناباو)، وشەی خوازراو و وشەی دارێژراو و هەر شتێکی ترە، کە لە زمانی ئاسایی بەدەربێت" ئەرستۆ (٢٠٠٤: ٨٣)، هەر لەمبارەیەوە، (کوینتلیان)، جیاوازیی نێوان ئەو دوو جۆرە زمانەی، بە جیاوازیی نێوان جەستەیەکی زیندوو و جەستەیەکی بێگیان، دەرخستووە. بڕوانە: احمد محمد ویس (٢٠٠٢: ٨٢)

هەندێك لە نووسەران تەنانەت كاردەكەن لەسەر دەرخستنی جیاوازیی لەنێوان زمانی شیعری و زمانی پێوەریشدا. بۆ نموونە (جورجانی)، گرنگیی بە نیشاندانی جیاوازیی نێوان زمانی شیعرو زمانی پێوەر دەدات و گرنگیی زمانی شیعر دەردەخات، هاوكات تیۆرەكانی زمانی شیعریی هاوچەرخیش، بایەخیان پێداوە. ناوبراو سنوری جیاوازیی نێوان ئەو دوو زمانە دەستنیشاندەكات، هەروەك ئاستی جیاوازیی لەناو خودی زمانی شیعریشدا دەردەخات. بۆ ئەمەش، پێیوایە زمانی پێوەر مانا بەخشە، لەبەرامبەردا زمانی شیعر، مانای مانا دەبەخشێت. هەروەها زمانی پێوەر باكگراوندی زمانی شیعرییە، بۆیە لە زمانی شیعریدا دەبێت لەگەڵ بنچینەكەیدا مامەڵەبكەین. بڕوانە: طراد الكبيسي (٢٠٠٤:٧٢)

ئەگەرچی دەگوترێت كردەی لادان لە زمانی ئاسایی_باو، ئەو ڕەفتارەیە، كە تایبەتمەندی و خەسڵەتی شیعرییەت بە دەق دەدات. جان كوهن، ت: احمد درويش (١٩٩٩: ١٠)، لەگەڵئەوەشدا، ئەو بۆچوونە سەبارەت بە پەسنكردنی كردەی لادان وەك هۆو ڕەفتاری پێدانی شیعرییەت بەشێوەیەكی ڕەها، جێگەی سەرنج و تێڕامانە، چونكە مەرج نییە هەموو لادانێك لە زمانی باو، شیعرییەت بە دەق ببەخشێت، بەڵكو شیعرییەتی دەق وابەستەی كۆمەڵێك پێودانگی واتایی و ئیستاتیكیی دیاریكراوی تایبەت بە خۆیەتی، بەڵام دەشێت بۆچوونەكە بەهۆی تواناو دەسەڵاتی شاعیرو كارامەیی لە بەكارهێنانی وشەكان بەجۆرو واتای دیكەو بەپشتبەستن بە هونەرەكانی ڕەوانبێژیی، سەرچاوەی گرتبێت، بە شێوەیەك لە زمانە شیعرییەكەدا "وشە لە ناوەڕۆكی باو بەتاڵ بكاتەوەو بە ناوەڕۆكی ناباو تەژی بكات و بەشێوەیەكی تازە بەكاری بێنێ". حمە كەریم عارف (٢٠٠٧:٢٧)

ئەم پێوەرەی دیاریكردنی لادان لەلایەن نووسەران و ڕەخنەگرانەوە، بووە جێی مشتومڕو ڕووبەڕووی ڕەخنە بووەوە، لەو ڕووەوە، كە پێیانوابوو زمانی شیعریی، دەبێت هاوتای زمانی ئاخاوتنی ئەمڕۆ سەردەمی بەرهەمهێنانی دەقەكە بێت، ئەوكات زمانی ئاخاوتنی ئەمڕۆ پەیوەست بە یاساو ڕێسا زمانییەكانەوە بكرێتە پێودانگی هەڵسەنگاندنی دەقی شیعری و سنوورو مەوداكانی دەقی شیعریی، پێ دیاریبكرێت.

١/٣_٢ ڕەگەزی خوێنەر پەیوەست بە لادانی زمانییەوە

ئاشكرایە هەر دەقێكی ئەدەبی، خاوەنی سێ ڕەگەزی سەرەكییە، كە (نووسەر، دەق، خوێنەر)ن. هەریەك لەم ڕەگەزانەش، خەسڵەت و تایبەتمەندیی و بەهای خۆی هەیە، كە بەهای هەر یەكێكیان بەپێی قوتابخانەو ڕێبازەكان، یاخود سەردەمەكان، گۆڕانیان بەسەردا دێت.

لە ڕێبازو قوتابخانە ڕەخنەییەكانی سەدەكانی ڕابردوودا، ڕەگەزەكانی (نووسەر، دەق) زیاتر بایەخیانپێدراوەو وەك ڕەگەزی سەرەكیی، هەژماركراون، بەڵام لەم ساڵانەی دواییدا، چەمكی (خوێنەر/ وەرگر)، زۆرتر جەختی خراوەتە سەرو كراوەتە چەقی سەرەكیی و كارا لەبواری هەڵسەنگاندنی دەقی ئەدەبیدا.

لەتیۆری ڕەخنەیی نوێدا، بەتایبەت لە تیۆری وەرگرتندا، گرنگیی زیاتر بە خوێنەر دراوە، بەجۆرێك خوێنەر پێوەرێكی سەرەكییە لە دیاریكردن و جیاكردنەوەی لادانەكاندا، لەگەڵئەوەشدا، هەموو خوێنەرێك ناتوانێت لادانەكان دیاریبكات، چونكە لادان كردەیەكی لێڵ و تەمومژاوی و نائاساییە، بۆیە پێویستە خوێنەر پێشینەیەكی دەوڵەمەندی زانیاری هەبێت لەبارەی ڕێبازە ئەدەبییەكانەوە و شارەزای لایەنی زمانی و كۆمەڵایەتی و سەردەمی نووسینی دەقەكە بێت. بڕوانە: سافیە محەمەد ئەحمەد (٢٠١٣: ٢٨_٢٩). ئەم باكگراوندە بەهێزەی خوێنەر، یاریدەیدەدات لە دیاریكردن و جیاكردنەوەی زمانی شیعری لە زمانی باو بەپێی سەردەم و قۆناغی چنینی وێنەی شیعری و بەرهەمهێنانی دەقەكە و دواجاریش، دەستنیشانكردنی جۆری ئەو لادانانەی، شاعیر لە هەریەك لە ئاست و پێكهاتە جیاوازەكانی زماندا، جێبەجێیكردوون.

ئەوەی گرنكە بگوترێت، نوسەر چەمكی لادان لەچوارچێوەی دەقێكی ئەدەبیدا بەرجەستەدەكات و خوێنەریش هەر لەسەر ئەو دەقە بڕیار لەسەر جۆرو چۆنیەتی لادانەكان دەدات، بۆیە دیاریكردنی چەمكەكەی بەگشتی و لە بواری ئەدەبیشدا بەتایبەتی، كارێكی تارادەیەك دژوارو قورسە. سافیە محەمەد ئەحمەد (٢٠١٣: ٩). كەواتە خوێنەر دەورێكی كاریگەری لە دەستنیشانكردنی جۆری لادانەكاندا هەیە، ئەمەش

مەرجی هەبوونی باكگراوندو پێشینەیەكی مەعریفی و ئەدەبیی زەنگین بەسەر خوێنەردا دەسەپێنێت، تاوەكو هاوكارو یارمەتیدەر بێت لە لێكدانەوەی كۆدەكانی نووسەرو گەیشتن و درككردن بەو واتا شاراوانەی لەنێو مەودای دەقدا هەن و بەهۆیانەوە مەبەستی نووسەر دەردەخرێت. لەمبارەیەشەوە، چەند جۆرێك خوێنەر هەن (خوێنەری ئاسایی، خوێنەری زیرەك، خوێنەری بلیمەت)، كە هەر یەكێكیان بەپێی زانیاری و ئەزموونی خوێندنەوەی خۆی، لەگەڵ دەقە جۆراوجۆرەكاندا كارلێكدەكات و بەپێی ئەو برە زانیارییەی هەیەتی، دەقەكان شیدەكاتەوەو راڤەیاندەكات، لەمەوە تێگەیشتن و گەیشتن بە زانیارییەكانی ناو دەق، بەپێی جۆرە پۆلێنكراوەكەی خوێنەر، دەگۆڕێت. جێی باسە، جۆری سێیەم لەهەردوو جۆرەكەی تر زیاتر توانای تێگەیشتن، یان لێكدانەوەی كۆدەكانی ناو دەقی هەیە، بەوەش خوێنەری بلیمەتی دەق، هەمیشە دەبێت بە رەگەزێكی سەرەكیی دەقەكە، بەتایبەتی ئەو كاتەی، كە رەخنە لە دەقەكە دەگرێت و دەتوانێت لە ئەنجامی لێكدانەوەو راڤەكردنەوە، داهێنانێك بەرهەمبهێنێت.

هەر لەمڕووەوە، مالارمێ (١٨٤٢_١٨٩٨ز) پێداگری لەسەر ناڕوونی و لێڵی كردووەو لەبارەیەوە دەڵێت: "شیعر پانكەیەك نییە بۆ تەمبەڵان و خەوتووان، بۆیە پێویستە لەسەر خوێنەر خۆی ماندوو بكات و رەنج بدات لە توێژینەوەو گەڕان تا دەگات بە لێكهەڵوەشاندنەوەی رەمزەكان و ناڕوونی لە هۆنراوەكەدا... شیعرەكانی مالارمێ دەرگای دڵنیایی لەسەر خوێنەر شكاند، پاڵی نا بەرەو جیهانی سەرسامی و سەبرو سەمەرەیی و نامۆبوون" شێرزاد عەبدوڵڵا قادر (٢٠١٤: ٢٦). بەمپێیە، پێویستە خوێنەر خاوەنی ئەزموون و كارامەیی كەسی و خودی بێت، تاوەكو تواناو دەسەڵاتی زمانیی هەبێت، بەجۆرێك (أ) لەلایەكەوە فەرهەنگی وشەیی بەهێز بێت و خاوەنی سەلیقەیەكی بەرزی زمانی بێت، تاوەكو لە واتای سیمانتیكی و فەرهەنگیی وشەو دەربڕراوەكان تێبگات، ئەمەش یارمەتیدەدات لە ناسینەوەی جۆرو ئاست و رێژەی لادانەكاندا. (ب) لەلایەكی دیكەشەوە، توانای شیكردنەوەو راڤەكردنی دەقە شیعرییەكانی هەبێت، ئەویش لەڕێی دیاریكردنی ئەو لادانانەوە، كە نووسەر بە مەبەست و بەشێوەیەكی ئاڵۆزو بە زمانی ئاماژەو رەمز، دەق و وێنە شیعرییەكانی، پێ چنیون.

بەڵگەنەویستە، ئەگەرچی ئاخێوەری زمان لە بەكارهێنانی زماندا بەشێوە باوەكەی، هەندێكجار میتافۆڕیانە، یان بەشێوەی كۆدو بە مەبەستەوە زمان بەكاردەهێنێت، بەڵام زۆرینەی كات و بەتایبەت لە دەربڕینی واقیعییانەیەو فەرمیدا، زمانی ئاخێوەر هەڵگری چەمكی سیمانتیكییە، چونكە زیاترو زۆرتر مەبەست لەگەیاندنی بیرو پەیامی ئاخێوەرە، ئەمەش وا دەكات ئەمجۆرە زمانە روون بێت و بەوەش (كاریگەریی ئەوتۆ لەسەر گوێگر، یان خوێنەر دروستنەكات) بڕوانە: خانزاد عەلی قادر (٢٠٠٤: ٣٤)، كەچی بەپێچەوانەوە گەر سەرنجبدەین، زمانی شیعری، زمانێكی لێڵ و تەمومژاوییەو پێویست بە شیكردنەوەو راڤەكردنی زیاتر دەكات. لادان شكاندنی یاسای رێزمان و یاسای واتاسازی یە بۆ پێكهێنانی پەیوەندی نوێی نێوان وشەكان و دەرچوونە لە شێوازی ئاسایی زمان و دروست كردنی زمانی شیعری زیندوو كە سەرنجی خوێنەر رابكێشێت و كاری تێبكات. بڕوانە: ناز ئەحمەد سەعید (٢٠١٠: ٨)، كەواتە گرنگە ئاماژە بەوە بدرێت، كە زۆرینەی كات شاعیر لادانەكان لەڕێی بەزاندنی كۆت و مەرجەكانەوە جیبەجێدەكات، بەتایبەت ئەو لادانانەی لەم توێژینەوەیەدا تیشكیاندەخەینە سەر، بەوەش بەزاندنی كۆت و مەرجەكان، بەرجەستەكەرو لەوەشەوە بەرهەمهێنەر، یان بونیادنەری وێنەو دەقی شیعرین (بڕوانە: بەشی دووەمی توێژینەوەكە).

ڕوونكردنەوەكانی سەرەوە ئەوە دەگەیەنن، زمانی شیعری، هەڵگری ئەو مەرجەیە، كە لینك و رایەڵی واتایی لەنێوان زمانی دەق و خوێنەردا دروستبكات، بەجۆرێك دەقی شیعری لەو ئاستەدا بێت، كە خوێنەر بدوێنێت و وێڵی پشكنین و گەڕان بە دوای مانا شاراوەكانیدا بكات، تا بتوانێت پەی بەو لایەنە هونەری و ئیستاتیكییانە ببات، كە لەنێو دروستەی دەقی شیعریدا بوونیان هەیە، ئاشكراشە "تا رێژەی لادان زۆرترو بەرزتر بێت، كاریگەریی

زمانی شیعریی زیاتر دەبێت" محمد رضا المبارك (١٩٨٧: ٢١١)، ئەمەش وەك یەكێك لە بنەماو پێوەرەكان بۆ دروستكردن و بەرهەمهێنانی دەق شیعریی، دادەنرێت.

٤/١ جۆرەكانی لادان و زمانی شیعریی

لادانی زمانی، لە هەموو ئاستەكانی زمان (دەنگ، وشە، رستەو واتا)دا روودەدات، بەجۆرێك لە هەر یەكێكیاندا، جێبەجێكردنیان پەیوەستە بە كۆمەڵێك پرنسیپ و بنەمای دیاریكراوەوە. لەمڕووەوە، ئەحمەد محەمەد رەشید میرە (٢٠١٩: ٩١)، بەگشتی ئاماژە بە دوو جۆر لادان دەكات، ئەوانیش (أ) لادانی دەرەكی، بەیەككەیشتنی شیعرو پەخشانە، لەو رووەوە، كە هەردووكیان خاوەنی هەمان پرۆژەی كارنامەیین. (ب) لادانی لۆژیكی، بریتییە لە جێگۆڕكێی وشەیی، یان هاتنی وشەی نامۆو تازە، كە پێویستە لەرێگەی پێوەرێكی لۆجیكیی جهانیی هەستیارییەوە بێت، بەپێچەوانەوە لادانەكە بە نێگەتیڤی دەمێنێتەوەو دووردەكەوێتەوە لە كارنامە ئیستاتیكی و دەربڕینە واتاییەكان.

هەر لەم روانگەیەوە، محەمەد مەعروف فەتاح (٢٠١٠: ٤١٠_٤٢٣)، جۆرەكانی لادانی زمانی بۆ شەش جۆر پۆلێنكردووە، ئەوانیش (لادانی وشەیی (لێكسیكی)، لادانی رێزمانی، لادان لە زارو زمان، لادان لە نووسینەوەی ئاسایی، لادانی واتایی، لادان لە شێوازدا)، هەندێك لەم جۆرانە، لە دەقە شیعرییەكانی (كەژاڵ ئەحمەد)دا جێبەجێكراون و كراونەتە بنەمای بەرهەمهێنانیان، كە دواتر ئاماژەیان پێدەدرێت و بە نموونەو بەڵگەی شیعرییەوە، دەخرێنەروو.

وەك پێشتر روونكرایەوە، زمانی شیعریی، لە زمانی ئاسایی_باو جیاوازە، بەجۆرێك لە زمانی شیعریدا، هەندێكجار وشەو لێكسیمەكان دوور لە واتا فەرهەنگی و سیمانتیكییەكەیان بۆ واتای ترو بۆ مەبەستی شیعریی بەكاردەهێنرێن، هەروەك هەندێكجاریش بە هەمان واتای فەرهەنگیی خۆیانەوە بەكاردێن.

لە لێكۆڵینەوە رەخنەییەكاندا بەتایبەتی ئەوانەی لەبارەی بنیاتی شیعرەوە ئەنجامدراون، زمانی شیعریان بە رەگەزێكی سەرەكیی پێكهاتەی شیعری داناوە، لەبەرئەوەی زمان وەك دیاردەیەكی هونەری، رۆڵی كاریگەرو بنیاتنەر دەگێڕێ لە هەیكەلی شیعریدا واتا لەرووی فۆرمەوە، هەروەها بەهۆی ئەو بەهاو رەهەندانەی وشە لە شیعردا هەیەتی، ئەوەندەی تر مەسەلەی زمانی شیعریی گرنگی لای رەخنەگران پەیداكردووەو بۆتە هۆی سەرهەڵدانی چەندەها تیۆریی بەكەڵك لەم بارەیەوە. سامان عیززەدین سەعدون (٢٠١٠:٢٠٢)

هەر لەمڕووەوەو پەیوەست بە زمانەوە، ئاماژە بۆ ئەوە دەكرێت، شیعر ئەو زمانە ئاساییەی میللەتە، بەڵام سەرلەنوێ لەدایك دەبێتەوەو بەنێو فلتەرەكانی خەیاڵ و سۆزو هەست و نەستدا دەڕوات و خۆی لە بەرگێكی جوانترو تایبەتمەندتر نیشان دەدات كە جیاوازە لە بەرگ و رەنگی پێشوو. هاوژین سڵێوە عیسا (٢٠٠٩: ٤٣). لەلایەكی ترەوە گرنگە ئەوەش بگوترێت، هەموو كەسێك لە سیحری گۆڕین و رێكخستن و بارگاویكردنی بەسۆزو هەست و نەست و خەیاڵ نازانێت، تەنها شاعیرەكان نەبێت دەتوانن مانای نوێ بە زمان ببەخشن و لەپشت هەر وشەیەكەوە چەندین ماناو مەفهووم و مەبەست چڕ بكەنەوە. بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو. هەروەك (لەتیف هەڵمەت)یش لەمبارەیەوە دەڵێت: "هەموو كەسێك دەتوانێت بڵێ باران دەبارێت، ئەمە ئاخاوتنێكی ئاساییە، بەڵام كە دەڵێین: هەورەكان دایانە تریقەی پێكەنین، و بەرێی خۆیان گوڵرێژ كرد ئەمە دەربڕینێكی شاعیرانەیەو وشە ئاوسكردنە بە ئەفسانەو ئێستاتیكاو وێنەو كودەتا كردنێكە بەسەر واتای باو و بەكارهێنانی باوی وشەدا" باوكی میرۆژ (٢٠٠٢: ١٧٨)

لەلایەكی ترەوە، بەر لە هەموو شتێك لادان پەیوەستە بە چەمكە شێوازی و رەخنەیی و زمانەوانی و رەوانبێژییەكانەوە، (كۆهین)، كە رەخنەگرێكی پرۆفیشناڵی لادانە، دەڵێت شیعرییەت بەبێ لادان، كارێكی لاسەنگە، بەوپێیەی شیعرییەت پشت بە لادانی زمانی و دەربڕینەكان دەبەستێت. لە هەمان كاتیشدا شیعرییەت خۆی لەزمان و دەربڕینە ئاڵۆزو تەمومژاوییەكاندا دەبینێتەوە، كە لادان فاكتەرێكی هەرە سەرەكیی ئەم پرۆسە ئاڵۆزەیە. هەروەها

لادان بە كاری گواستنەوەی بونیادە سادەكان بۆ بونیادە قووڵەكان هەڵدەستێت. هەر لەبەر ئەمەش لادان دەتوانێت دەستنیشانی ئیستاتیكاو دەربڕینەكانی دەق بكات و لێرەشەوە جیاوازییەكان لەنێوان دەقێكی ئۆرجینالْ و نائۆرجینالْ بەدەردەكەون. زاهیر لەتیف كەریم، نیان نەوشیروان مەستی (٢٠١٧:١٠٨)

٢. جۆرەكانی لادانی زمانی لە ئەزموونی شیعریی (كەژالْ ئەحمەد)دا

١/٢ جۆرەكانی لادانی زمانی

لە بەشی یەكەمی ئەم توێژینەوەیەدا، بەگشتی تیشكخرایە سەر زمانی ئاسایی_باو و بەراوردكردنی لەگەڵ زمانی شیعریدا. (لادان لە زماندا، ڕۆڵێكی گرنگ دەگێڕێت لە دروستكردنی ئەو نامۆییە پێویستەی، كە دەبێت لە زمانی شیعریدا بوونی هەبێت، هەروەها دەبێتە یەكێك لە خاڵە جیاكەرەوەكانی نێوان زمانی شیعرو زمانی ئاسایی خەڵكی تر). ئەحمەد محەمەد ڕەشید میرە (٢٠١٩:٩١)

لەم بەشەدا، بایەخ بە دیاریكردنی جۆرەكانی لادانی زمانی دەدرێت، وەك پێوەری بەرهەمهێنانی دەقی شیعریی باڵا. لەمرووەشەوە ئەو جۆرانەی لادان، كە دەستنیشاندەكرێن، لە دەقە شیعرییەكانی (كەژالْ ئەحمەد)هوە نموونەیان بۆ دەهێنرێتەوە. سەعید فاروق یوسف (٢٠١١: ٨٣_٨٤) بۆچوونی وایە، پەیوەست بە زمانەوە لادان (ماندووكردنی زمانە ئەمەش جۆرە چێژێكی تایبەتی و دەربڕینێكی چاوەڕوان نەكراو بە دەقەكە دەدات، ئامانجی نوسەریش لەم كارە تەنیا بۆ بەخشینی جوانكاری هونەری دەقەكەیە).

٢/٢ جۆرەكانی لادانی زمانی لە شیعرەكانی (كەژالْ ئەحمەد)دا

٢/٢_١ لادانی ڕێزمانی

لادانی ڕێزمانی، لادانە لە یاساو ڕێسا ڕێزمانییەكانی زمانێكی دیاریكراو، كە بەگشتی بۆ هەردوو ئاستی (مۆرفۆلۆژی و سینتاكس) پۆلێندەكرێن، هەربۆیە ئەمجۆرە لادانە بەپێی كەرەستەو داتاكانی ئەم دوو ئاستە، دیاریدەكرێن.

٢/٢_١_١ لادان لە وشەی باوی فەرهەنگی

وشەی فەرهەنگی، ئەوانەن، كە بە واتا سیمانتیكییەكەیانەوە لە فەرهەنگدا تۆماركراون، ئەم وشانە لەسەر بنەمای یاسا زمانییەكان و بەتایبەت بە پەیڕەوكردنی یاساكانی مۆرفۆلۆژیی كوردیی، بۆ واتای نوێ بەرهەمهێنراون (هەڵگوێزراون، لەیەكدراون). ئەمجۆرە واتایە بە (واتای هۆشەكی)ش ناودەبرێت. بڕوانە: محمد معروف فتاح (٢٠١١: ١٦١)، واتای فەرهەنگیی ئەم وشانە، دەتوانرێت لەڕێی دیاریكردنی نیشانە واتاییەكانیانەوە دیاریبكرێن، بۆ نموونە وشەی /بەرد/ خاوەنی نیشانەكانی [+ بێگیان، + بەرجەستە، + ڕەق، - خواردن]ە.

وێڕای هەبوونی ئەم وشانە لە فەرهەنگی شاعیردا وەك هەر ئاخێوەرێكی تری زمان، شاعیر هەوڵدەدات هەندێك وشەو لێكسیمی نوێ بە واتای نوێوە دروستبكات، بەوەش وشەی هەڵگوێزراو، یان لێكدراوی نوێ دادەهێنێت، كە بەهۆی پرۆسەی لادانەوە لە بەشێك لە واتا سیمانتیكییەی وشە، بەرهەمدێن، لەڕاستیشدا لادان لە وشەی باوی فەرهەنگی، كە لە ئاستی مۆرفۆلۆژیدا ڕوودەدات، بەجۆرێك لە لادانی ڕێزمانی، دادەنرێت. تێیدا وشە داهێنراوە نوێكان زادەی بیری شاعیرن، بۆیە دەبنە بەشێك لە فەرهەنگە شیعرییەكەی و چەمكە شیعرییەكانیان پێدەردەبڕێت، هەروەك دەشێت وشەی سەرنجڕاكێش بن و كاریگەریی زۆریان لەسەر بەهێزیی ڕستەو دەربڕاوەكانی نێو وێنەو دەقە شیعرییەكان هەبێت و دواجاریش كاریگەریی بیریی لەسەر هزری خوێنەر بەجێبهێڵن.

(١)

گوڵەباخزادەیەك كە مەرەبانترین دڵی
لەژێر قاتێكی سادەدا هەڵگرتبوو
قۆپچەیەكی سەر ڕۆحی كردەوەو
بە بۆنێ لەخۆش تێپەڕێت
پێی وتم باوەڕبهێنە
مەولانا، ئەمەتا

دواتر زانیم ئەو گومانزادەو
شیعر زادەشە
بۆیە لەنێوان دوو بۆینباخدا
سەرگەردانەو
لە من ئەپرسێت کامەیان جوانترە! کەژاڵ ئەحمەد
(٢٠٠٦: ٣٥٧_٣٥٨)

لە نموونەی (١)دا، وشەکانی /گوڵەباخزادە، گومانزادە، شیعر زادە/ لەسەر بنەمای وشە فەرهەنگییەکانی /شازادە، بەگزادە/ و بە پەیرەوکردنی یاسا مۆرفۆلۆژییەکانی زمانی کوردی، دارێژراون و واتای جیاوازیان بەرهەمهێناوە، کە بە داهێنان دادەنرێن، داهێنانەکەش، بۆ جیاوازیی فیچەرە واتاییەکانی بناغەکان دەگەڕێتەوە، بەجۆرێك بناغەی وشەکانی /شازادە، بەگزادە/ [+مرۆڤ]ن، کەچی لە وشە داهێنراوەکانی /گوڵەباخزادە، گومانزادە، شیعر زادە/دا، بناغەکان هەڵگری فیچەری [- مرۆڤ]ن، هەر ئەوەش لادانە وشەییەکەی لە بەکارهێنانی باو، دروستکردووە.

(٢)
کوا وجوودی جیاوازی هەیە لەنێوان
رووناکبیرو تاریکبیردا
کوا وجوودی لەیەك چوون هەیە لەنێوان
ئاسمانە زەمینیەکان و زەمینە ئاسمانیەکاندا؟! کەژاڵ ئەحمەد (٢٠٠٦: ٤١٩)

لە کۆپلە شیعری (٢)دا، وشەی /تاریکبیر/ بەشێوەی ئەنالۆژی و لەسەر بنەمای وشەکانی /رووناکبیر، رۆشنبیر/ بەرهەمهێنراوە، کە واتاکەی پەیوەست بە فیچەرە واتاییەکانییەوە لە واتای فەرهەنگیی وشەکانی /رووناکبیر، رۆشنبیر/ جیاوازە، بەوپێیەی لە /رووناکبیر، رۆشنبیر/دا، واتای وشەکان ئەرێنی_پۆزەتیف_ن و هەر بەو واتایەشەوە لە ئاوەزی ئاخێوەردا هەڵگیراون، بەپێچەوانەوە، واتای وشەی /تاریکبیر/ واتایەکی نەرێنی _نێگەتیف_ی هەیەو هەر بەو چەمکەشەوە لەناو دەقەکەدا بەرجەستە بووە. گرنگە ئەوەش بگوترێت، وشەکە نەبووەتە وشەیەکی باوی نێو فەرهەنگ، بەڵکو وەك وشەیەکی داهێنراوی نوێ لە دووتوێی فەرهەنگە شیعرییەکەی شاعیردا بوونی هەیەو مەبەستێکی دیاریکراوی گەیاندووە، کە ناڕاستەوخۆ ئاماژەیە بۆ مرۆڤی بێئاگا لە ڕەوتی رۆشنبیری و کرانەوەی کۆمەڵگا لەڕووی کۆمەڵایەتی و تێکشکاندنی کۆت و نەریتە باوەکانی کۆمەڵەوە، بەمپێیە (زمان ڕێگەی ئەوە دەدات، کە تاك لە واقیع هەڵبێت و هەست و ئارەزوو و هەڵچوونی خۆی لە قاڵبێکدا دابڕێژێت، بەوەی زمانێکی تایبەت بە خۆی دروستبکات و تێیدا لە یاساو ڕێساکانی زمان لابدات، چونکە یاساکانی زمانی ئاسایی، دەبنە کۆت لەڕێی داهێنانی شاعیردا) عەبدولواحید موشیر دزەیی (٢٠٠٧: ٤٢)

(٣)
لەمردن مۆڕ ئەبمەوە
وەك ڕاپەڕین
بەسەرسامیی ئەڕوانمە شەهیدستانی زێدەکەم
نەخەوە نەخەون بینین!!
بە بەرچاوی رۆحمەوە
تەرمی کوڕەکەم ئەخەنە بیری کەنعانی تابووت و
بە شانە ڕەقەڵەکانیان هەڵیدەگرن کەژاڵ ئەحمەد
(٢٠٠٦: ١٨)

(٤)
ئاه... خۆزگە ئاو فرۆشەکان
گوڵفرۆش بوونایە
بۆئەوەی بتوانم بژیم.
ئاه... خۆزگە دڵفرۆشەکان
شەرفرۆش بوونایە
بۆئەوەی چی دی باوەڕیان پێنەکەم. کەژاڵ ئەحمەد
(٢٠٠٦: ١١١)

کەژاڵ ئەحمەد لە کۆپلە شیعری (٣)دا وشەی /شەهیدستان/ی لەسەر بنەمای وشەکانی /کوردستان، گۆڕستان، دارستان، ....هتد/ بەرهەمهێناوە، کە وشەیەکی دارێژراوە بەپێی یاسای مۆرفۆلۆژیی کوردیی (بناغە + پاشگر)، هەروەك لە دەق (٤)یشدا، وشەی /دڵفرۆش/ی دروستکردووە، کە وشەیەکی لێکدراووە بەهەمان شێوە بە

پابەندبوون بە یاساکانی دروستکردنی وشەی لێکدراووەوە لەسەر بنەمای وشەکانی /سەوزەفرۆش، نەوتفرۆش، گۆشتفرۆش، کافرۆش، غازفرۆش....هتد/ بەرهەمهێنراوە.

٢/٢_١_٢ لادان لە ئاستی سینتاکسدا (جێگۆڕکێی کەرەستە سینتاکسییەکان)

لە زمانی کوردیدا، یەکێك لە تایبەتمەندی و ئەدگارەکانی سەرەوڕیزبوونی کەرەستە پێکهێنەرەکانی ڕستە لە ئاستی سینتاکسدا، ئەوەیە، کە زمانی کوردی، سەرکۆتاییە، بەواتا کردار کۆتایی ڕستە دەگرێت، بۆ ئەوەش، سەرەڕیزبوون و بەدوایەکداهاتنەکە بەپێی ئەم یاسایە دەبێت (بکەر_بەرکار_کردار)، ئەم بەدوایەکداهاتنە، ڕیزبوونی کەرەستەو یەکە پێکهێنەرەکانی ڕستە لە بارە ئاساییەکەو ئاخاوتنی ڕۆژانەدا دەگرێتەوە، بەڵام لە زمانی شیعرییدا، دەشێت گۆڕان بەسەر ئەمجۆرە ڕیزبوونەدا بێت، بەجۆرێك پاش و پێش بە جێکەوتەی کەرەستەکانی ڕستە بکرێت، ئەوەش بە لادانی زمانی هەژماردەکرێت. هەندێکجار ئەمجۆرە لادانە، لە چوارچێوەی (لادانی لۆژیکی)دا ڕاڤەدەکرێت، شایانی گوتنیشە، سەرەوڕیزبوونی کەرەستەکان و چۆنێتیی بەدوایەکداهاتنیان، تایبەتمەندیی بەرهەمهێنانی ڕستەیە و وەك پرۆسەیەکی سینتاکسی، ئەنجامدەدرێت، بۆیە لادان لە سەرەوڕیزبوونی کەرەستەکان لەم ئاستەدا، لەتەك لادان لەوشەی باوی فەرهەنگیدا، لەچوارچێوەی لادانی ڕێزمانیدا لێیدەڕوانرێت.

ڕوودانی ئەمجۆرە لادانەش، کە وەك گوترا پاش و پێشکردنە بە جێکەوتەی کەرەستەکان، بۆ دروستکردن و بەرهەمهێنانی زمانێکی شیعری و لەپێناوی پابەندبوون بە کێش و سەروای شیعرەکەوە ئەنجامدەدرێت، یاخود دەشێت بۆ قورسایی، یان تیشکخستنەسەر و زەقکردنەوەی کەرەستە هێنراوە پێشەکە بێت، ئەو کەرەستەیەی، کە ڕەنگە لای شاعیر جێگەی بایەخ و هۆی بونیادنان و خوڵقاندنی دەقەکە بێت.

(٥)

شەرمئەکەم بەم حیکایەتە کۆنەوە
لە دەرگای سەردەمبدەم و
ناتوانم سەربڵندانە
وەك غروری نەزانەکان
بەبێ ئەم نیگەرانی و دڵە کوتێیە
بەبێ ئەم تاوە گریانانە بچمە ژوورەوە    کەژاڵ ئەحمەد (٢٠٠٦:٢٣٢)

لە نموونەی (٥)دا، کرداری {شەرمئەکەم}، کراوەتە کەرەستەیەکی هێنراوە پێش لە دێڕەکەداو گۆڕان بەسەر جێکەوتەو سەرەوڕیزبوونەکەیدا هێنراوە، لەکاتێکدا لەبارە ئاساییەکەیداو بەپێی یاساکانی سینتاکسی کوردی، ڕستەکە بەمجۆرە بەرهەمدەهێنرێت (بەم حیکایەتە کۆنەوە شەرمئەکەم)، ئەمەش زەقکردنەوەی کردارەکەو دەرخستنیەتی، واتە لادانە لەڕێسای سەرکۆتایی کردار.

(٦)

چاوەڕێمکردی وەك دایکت
لەبەردەم پەنجەرەکانا
چاوەڕێتکردم وەك ئاشتیی
لەناو خەونی نیشتمانا.    کەژاڵ ئەحمەد (٢٠٠٦:٢٩٠)

لە دەق (٦)دا، بەهەمان شێوە لە هەردوو نیوەدێڕی >>چاوەڕێمکردی وەك دایکت<<، >>چاوەڕێتکردم وەك ئاشتیی<< دا، کردارەکانی {چاوەڕێمکردی، چاوەڕێتکردم}، هێنراونەتە سەرەتای ڕستەکانەوە، ئەویش پەیوەستە بە گرنگی و بەهای کردەی /چاوەڕێکردن/هوە لە خەیاڵ و ڕوانینی شاعیردا.

(٧)

ئەکەم غەریبیت هەر هێشتا
پەیڤەکانم لەناو ئەشکدا ئەخوسێنەوەو
هیچ نامەیەکم پێت ناگات
لەبەرتمرم گوڵەباخ
تۆ ئەڵێی چەند ئەخایەنێت
ئەم فیراقە ؟؟؟؟؟؟؟    کەژاڵ ئەحمەد (٢٠٠٦:٢٥٣)

له نموونه‌ی (٧)یشداو له ڕسته‌ی >> ئه‌که‌م غه‌ریبیت هه‌ر هێشتا <<، لادان له جێکه‌وته‌ی کرداره‌که‌دا جێبه‌جێکراوه‌و به‌و هۆیه‌وه بۆ سه‌ره‌تای ڕسته‌که گوێزراوه‌ته‌وه، ئه‌مه‌ش جارێکی تر لادانه له ئاستی سینتاکسدا، که به‌زاندنی ڕێسای سه‌رکۆتایی، لادانه‌که‌ی دروستکردووه.

٢/٢_٢ لادانی واتایی

یه‌کێکی دیکه له خه‌سڵه‌ته‌کانی زمانی شیعری، هه‌بوونی لادانی واتاییه، که وه‌ك پێوه‌رو بنه‌مایه‌کی سه‌ره‌کیی فه‌راهه‌مکردنی زمانی شیعری هه‌ژمارده‌کرێت. به‌مپێیه لادانی واتایی، گۆڕان له په‌یوه‌ندیی واتایی نێوان ناو و ناولێنراو، واته (دال و مه‌دلوول)دا ده‌هێنێته‌ئاراوه، به‌وه‌ش وشه‌و لێکسیمه‌کان له واتا باو و فه‌رهه‌نگییه‌که‌ی خۆیان لاده‌ده‌ن و بۆ واتاو مه‌به‌ستی دیکه به‌کاردێن، ئه‌مه‌ش به‌هۆی پرۆسه‌ی به‌زاندنی یاساکانه‌وه له ئاستی واتادا، جێبه‌جێده‌کرێت. جێی ئاماژه بۆ کردنه، لادانی واتایی، پاڵنه‌ر یاخود ڕێخۆشکه‌ره بۆ به‌رهه‌مهێنانی زمانی شیعری. له‌باره‌ی واتاوه، (ستیڤن ئۆڵمان) بۆچوونی وایه "بریتییه له په‌یوه‌ندی نێوان (ناو)و (ناولێنراو) هه‌ر گۆڕانێکیش له‌و په‌یوه‌ندیه‌دا ڕووبدات، ده‌بێته گۆڕان له‌واتاداو داهێنانی شاعیریش له ئه‌نجامی به‌زاندنی یاساکانه‌وه دێت" عبدالواحید مشیر دزەیی (٢٠٠٧: ٤٥)

هه‌ندێکجاریش، شاعیر به لادان له په‌یوه‌ندیی واتایی_سیمانتیکیی نێوان یه‌که فه‌رهه‌نگییه‌کان، ئه‌و وشانه بۆ چنینی وێنه شیعرییه‌کانی به‌رهه‌مده‌هێنێت. ئه‌مه‌ش پشت ده‌به‌ستێت به (کۆتوبه‌ندی هه‌ڵبژاردن و کۆتوبه‌ندی هاوڕێیه‌تی). بڕوانه: محه‌مه‌د مه‌عروف فه‌تاح (٢٠١٠: ٤١٩)، که لادان له‌م کۆتوبه‌ندانه، واتای ناباوی لێده‌که‌وێته‌وه، له‌مه‌وه هۆکاره‌کانی به‌رهه‌مهێنانی لادانی واتایی، له چه‌ند وه‌چه‌پارێکدا چڕده‌کرێنه‌وه‌و ده‌خرێنه‌ڕوو.

٢/٢_٢_١ به‌زاندنی کۆتوبه‌ندی هه‌ڵبژاردن

به‌زاندنی کۆتوبه‌ندی هه‌ڵبژاردن، له ئاستی واتادا ڕووده‌دات، ئه‌ویش لادانه له‌و مه‌رجانه‌ی، کردار به‌پێی جۆره‌که‌ی، به‌سه‌ر ته‌واوکه‌ره‌که‌یدا ده‌یسه‌پێنێت و ئه‌وه دیاریده‌کات، که خاوه‌نی کام نیشانه واتاییانه بێت. بۆ نموونه {سێو ئه‌خۆم}، ڕسته‌یه‌کی واتا ڕاسته‌و تێیدا به‌رکاره‌که له‌گه‌ڵ ئه‌و مه‌رجانه‌دا یه‌کده‌گرێته‌وه، که کرداره‌که سه‌پاندوونی، به‌وه‌ی خاوه‌نی نیشانه‌ی واتایی [+شیاو بۆ خواردن]ه. جگه له‌وه‌ی، کرداری {ئه‌پرسی} مه‌رجی بوونی بکه‌رێك ده‌سه‌پێنێت، که خاوه‌نی نیشانه‌ی [+ مرۆڤ] بێت، که‌چی له ده‌قی (چنارێك ئه‌پرسی و...)ی شێرکۆ بێکه‌س، حه‌فتا په‌نجه‌ره‌ی گه‌ڕۆك (٢٠١٣: ٤٠)دا، کۆتی هه‌ڵبژاردنی تێدا به‌زێنراوه، چونکه /چنار/ خاوه‌نی نیشانه‌ی [- مرۆڤ]ه و ئه‌مه‌ش پێچه‌وانه‌ی داواکاریی کرداره‌که‌یه.

(٨)

له‌سه‌ر دوایین پلیکانه‌ی
دووروو درێژی دوای دواوه
غه‌ریبانه دائه‌نیشتم
به‌دزییه‌وه
کتێب منی ئه‌خوێنده‌وه‌وه
من کتێبم ئه‌خوێنده‌وه      که‌ژاڵ ئه‌حمه‌د (٢٠٠٦: ٢٧٢)

که‌ژاڵ ئه‌حمه‌د له چنینی کۆپله شیعریی (٨)دا، نیوه‌دێڕی >>کتێب منی ئه‌خوێنده‌وه<< ی به‌هۆی به‌زاندنی کۆتوبه‌ندی هه‌ڵبژاردنه‌وه له‌سه‌ر ئاستی واتا/ سیمانتیك، به‌رهه‌مهێناوه، ئه‌مه‌ش به لادانی واتایی هه‌ژمارده‌کرێت، چونکه کرداری {خوێنده‌وه}، به‌رکارێك داواده‌کات، که هه‌ڵگری نیشانه‌ی [+خوێندنه‌وه] بێت، دواتریش کردارو به‌رکار، بوونی بکه‌رێك ده‌سه‌پێنن، که [+مرۆڤ] بێت، که‌چی به‌پێچه‌وانه‌وه، لێره‌دا به‌رکاره‌که [-خوێندنه‌وه]و بکه‌ریش نیشانه‌ی [- مرۆڤ] یان هه‌ن، ئه‌مه‌ش له‌گه‌ڵ مه‌رج و داواکاریی کرداره‌که‌دا یه‌کناگرێته‌وه، بۆیه به‌زاندنی کۆتی هه‌ڵبژاردن، لادانه واتاییه‌که‌ی دروستکردووه.

٢/٢_٢_٢ به‌زاندنی کۆتوبه‌ندی هاوڕێیه‌تی

کۆتوبه‌ندی هاوڕێیه‌تیش، هاتنی گونجاوی دوو وشه‌یه پێکه‌وه له‌باری ئاساییدا، وه‌ك (ده‌سکی ده‌رگا، ترپه‌ی دڵ، نه‌ڕه‌ی شێر....هتد). لادان و به‌زاندنی کۆتی هاوڕێیه‌تی، به هه‌مان شێوه لادانی واتایی دێنێته‌ئاراوه. بۆ نموونه شێرکۆ

بێکەس، حەفتا پەنجەرەی گەڕۆك (٢٠١٣)، فرێزەکانی {کەمانچەی ڕەشپۆش، کەناری خولیا، شیعرێکی گەنج، نووزەی گەلا} ی لەسەر بنەمای فرێزەکانی {مرۆڤی ڕەشپۆش، کەناری دەریا/ ڕووبار، کچ/ کوڕێکی گەنج، نووزەی منالٚ} بەپێی یاسا سینتاکسییەکانی زمانی کوردی بەرهەمهێناوە، بەوەش لادان تەنها لە ئاستی واتادا و بە بەزاندنی کۆتی هاوڕێیەتیی نێوان کەرەستە خراوەتەکیەکەکان ڕوویداوە.

(٩)

لە دەرەوەی مندا بۆخۆی ئەقووقێێ

کەڵەشێرە ...

حەقیقەت گوێی بەتەنافی

سپێدەی بانگیا هەڵناخات

دەنگی نێرە ...

دەستڕێژێ جنێوی بۆ دێت کەژاڵ ئەحمەد (٢٠٠٦: ٣٦)

لە دەق (٩)دا، شاعیر فرێزی {دەستڕێژی جنێو} ی بەهۆی بەزاندنی بنەمای واتاییەوە بەرهەمهێناوە، کە تێیدا پێکەوەهاتن و کۆتی هاوڕێیەتی نێوان کەرەستەکان بەزێنراوەو لێی لادراوە، بەوپێیەی وشەی /دەستڕێژ/ لە بەکارهێنانە باوەکەیدا لەگەڵ /گوللە/دا هاوڕێیەتی و پێکەوەهاتنی هەیە، بەوەش فرێزی {دەستڕێژی گوللە} بونیاددەنێن، کەچی لەم دەقەدا لەگەڵ /جنێو/دا بوونەتە هاوڕێ و بە پەیوەست بوون بە یاسا سینتاکسییەکانەوە، فرێزێکی ناباویان دروستکردووە، کەواتە لادانەکە لە چوارچێوەی واتاداو بە بەزاندنی کۆتی هاوڕێیەتی، دروستبووە.

(١٠)

پاش هێڵنجێك

پارچەیەك نور بووی لەدەمی

زامەکەی دەممەوە ڕژایت

نەزیفی وشەی دوای بوونت بەرینەدام

خوێن کردمی بەشاعیرێك

یان مریەمە شاعیری شێت کەژاڵ ئەحمەد (٢٠٠٦: ٧)

لە کۆپلەی (١٠)شدا، فرێزی {نەزیفی وشە}، بەهۆی بەزاندنی کۆتی هاوڕێیەتییەوە لە سنوری واتا/ سیمانتیکدا بەرهەمهێنراوە، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە ئاخێوەر بەهۆی بوونی زانیاریی زمانی و دەسەڵاتشکانەوەی بەسەر دەستوورو یاساکانی زمانی دایکدا، توانای ناسینەوەو جیاکردنەوەی پێکەوەهاتنە ڕێپێدراو، یان ناباوەکانی هەیە. بۆ نموونە ئاخێوەر بەهۆی بوونی زانیارییە زمانییەکەیەوە درك بەوە دەکات، کە وشەی /نەزیف/ لە ئاستی سینتاکسدا هەمیشە لەگەڵ /خوێن/دا پێکەوەدێن و فرێزی {نەزیفی خوێن} بەرهەمدێنن، بەڵام لەم دەقەدا، /وشە/ بووەتە جێگرەوەی /خوێن/، بەوەش بە لادان لە کۆتی هاوڕێیەتی، پێکەوەهاتنێکی ناباویان دروستکردووە، کە بەلادانی واتایی، ڕاڤەدەکرێت.

٢/٢_٢_٣ پارادۆکسی (المفارقة_ Paradox)

پارادۆکس، "واتە هەڵەو ئەوەی دژ، یان لە پشت ڕاوبۆچووندا هەیە. پارادۆکسی کردەیەکی زمانی شیعریە، نەك تەنیا ئامرازێکی جوانکاری، بریتییە لە ئەرێنی کردنی گوتن لە بابەتێکدا کە دژو پێچەوانەن لەگەڵ ڕای باو". سافیە محەمەد ئەحمەد (٢٠١٣: ١٥٣). بەمپێیە، پارادۆکس، پرۆسەیەکی تایبەت بە زمانی شیعرییە، بۆ بەرهەمهێنانی دەربڕاوی دژ لەگەڵ واقیعی باودا، واتە ئەو دەربڕاوانەی لە زمانی ئاسایی_ باوی ئاخێوەردا نامۆن و بەوەش لەگەڵ واقیعی بەکارهێنان و بەرجەستەکردنی کەرەستەکەدا، یەکناگرنەوە.

(١١)

خۆزگە دەمتوانی بە قاقای گریان بدوێم

یان بە پرمەی پێکەنین

خۆزگە دەمتوانی بەڕوانین زریکە بتەقێنمەوە

سانایە لام نەغمەیەك لەسەرنج دابنێم

سەمایەك لەوەستان داڕێژم

بەهێما گۆرانی بڵێم ... کەژاڵ ئەحمەد (٢٠٠٦: ٤١)

له كۆپلەی (١١)دا، وێنە شیعرییەكە لە فرێزەكانی {قاقای گریان}و {پرمەی پێكەنین}دا، بەهۆی كردەیەكی پارادۆكسییەوە چنراوە، بەوپێیەی هاتنی وشەكانی /قاقا، گریان/، /پرمە، پێكەنین/ پێكەوە، گونجاو و تەریب نین، بەڵكو لە بەكارهێنانە باوەكەیاندا پێچەوانەی یەكن، بەجۆرێك /قاقا/ لەگەڵ /پێكەنین/ هاورێیەتی دروستدەكات و /پرمە/ش لەگەڵ /گریان/، هەربۆیە هاتنی ئەم وشانە پێكەوە لە /قاقای پێكەنین، پرمەی گریان/دا ، تارادەیەكی زۆر وەك فرێزی چەسپاویان لێهاتووە دەكرێت لەزماندا وەك كۆمەڵە وشە مامەڵەیان لەگەڵدا بكرێت، جگەلەوەی ئەم پێكەوەهاتنە دژیەكە، بەجۆرێكی دیكەی لادان لە ئاستی واتا دادەنرێت، ئەمیش جارێكی دیكە، بەزاندنی كۆتی هاورێیەتی تێدا بەرجەستەبووە.

(١٢)

خۆڵی بیابانی ساردو
خۆڵی بیابانی گەرم و
خۆڵی سیاسەت و وڵات
نەینووكی جەستەیان تەڵخ كردبووم كەژاڵ ئەحمەد (٢٠٠٦: ٣٧_٣٨)

لە دەق (١٢)دا، فرێزی {بیابانی سارد}، بەهەمان شێوە بەهۆی كردەی پارادۆكسییەوە، بەشداری بونیادنانی دەقەكەیان كردووە، لەبەرئەوەی (بیابان) هەمیشە بە سیفەتە (گەرمی)یەكەی ناسراوە، هەربۆیە لە هاتنە باوەكەیدا {بیابانی گەرم}ە، نەك (سارد)، ئەم وێنەیەش، وەك كردەیەكی زمانی شیعریی، جۆرە دژیەكییەكی واتایی لەنێوان ئەو دوو كەرەستەیەدا دروستكردووە، بەپێچەوانەی ئەوەی لە واقیعدا بوونی هەیە. جێ ئاماژەیە، پێدەچێت بەكارهێنانی فرێزی {بیابانی سارد}، ئاماژە بێت بۆ ڕووداوی زیندەبەچاڵكردنی بەكۆمەڵی كورد لە ڕووداوی ئەنفالكردنی كورددا.

٢/٢_٢_٤ دانەپاڵ

خستنەپاڵ و پێدانی سیفەتە بە شتێك، یان كەسێك، كە لەبنەڕەتدا سیفەتی خۆی نییە، بەڵكو سیفەتە لە شتێكی دیكەوە دەگوێزرێتەوەو بەمەبەست دەخرێتەپاڵ شت، یان كەسێكی دیكە.

(١٣)

گوڵم ناوێت
نە عەسری بەیەككەشتن و
نە سپێدەی جیابوونەوە
گوڵم ناوێت
بۆ خۆم جوانترین گوڵنەگرم كەژاڵ ئەحمەد (٢٠٠٦: ٣٣٥)

لە دەق (١٣)دا، كردەی دانەپاڵ ئەنجامدراوە، بەجۆرێك شاعیر (گوڵگرتن)، كە كاری سروشتی و تایبەتیی ڕووەكە، خستووتیەتییە پاڵ خودی خۆی، كە مرۆڤە، بەوەش لەم وێنە شیعرییەدا، مرۆڤ بە ڕووەك كراوە، واتە هاوتای ڕووەك كراوەو هەمان ئەركی ڕووەكی پێسپێردراوە، ئەم دەربڕینە لە شیعردا، دەكرێت وەك لادانی زمانی هەژماربكرێت، كە بەهۆیەوە وێنەیەكی ناوازەی شیعریی، بەرهەمهێنراوە.

(١٤)

هەستئەكەم سەرم كورسییە
بەسەر زەویدا دەڕۆم و
(ئەو) لەسەر تەوقی سەری من دانیشتووە!! كەژاڵ ئەحمەد (٢٠٠٦: ٢٢)

لە كۆپلە شیعری (١٤)شدا، هاوشێوەی كۆپلەی (١٣)، كردەی دانەپاڵ ئەنجامدراوە، كە شاعیر بەهۆی بەتەنكردنی بەشێك لەجەستەی خۆی، كە (سەر)یەتی، سیفەتی (دانیشتن لەسەر)، كە خەسڵەت و ئەركی كورسییە، گواستویەتییەوەو خستوویەتییە پاڵ خودی خۆی، بەوەش جۆرێك لە لادانی زمانی بۆ چنینی وێنە شیعرییەكە، ئەنجامداوە.

٢/٢_٢_٥ ڕەنگپێدان

ئەمجۆرە لادانە، پێدانی ڕەنگە بە شتێكی ڕەنگدارو بەپێچەوانەی ئەو ڕەنگەی، كە هەیەتی، یاخود پێدانی ڕەنگە بە بێ ڕەنگ. سافیە محەمەد ئەحمەد (٢٠١٣: ١٦٨_١٦٩). ئەمەش لەو ڕووەوە بە لادانی واتایی

دادەنرێت، چونکە کردەی ڕەنگپێدانەکە، جیاوازە لە تایبەتمەندیی هەبوونی ڕەنگ لە واقیعی کەرەستە سروشتییەکەدا.

(١٥)

جاری دووەم
کە لەدایك ئەبمەوە
داستانی ژینی ڕابردوو
یاداشتی پڕ لە ئەندێشەی
تەمەنی خۆڵەمێشیی خۆم ئەنووسمەوە کەژاڵ ئەحمەد (٢٠٠٦: ١٩٠)

لە نموونەی (١٥)دا، وشەی /تەمەن/، هەڵگری خەسڵەتی [- ڕەنگ]ە، کەچی شاعیر بۆ مەبەستی جوانکاری و ئیستاتیکاو بەخشینی چێژ، جگە لە دەربڕینی واتایەکی شاراوە، ڕەنگی (خۆڵەمێشی)ی بە وشەکە بەخشیوە، بەوەش وێنەیەکی بەرزی هونەری و سەرنجڕاکێشی، دروستکردووە.

## ئەنجام

ئەنجامەکانی توێژینەوەکە، لە چەند خاڵێکدا دەخرێنەڕوو:

١. لادانی زمانی، بەگشتی هەردوو لادانی (ڕێزمانی و واتایی) دەگرێتەوە، کە هەریەکێکیان پەیوەست بە کۆمەڵێك مەرجی دیاریکراوەوە، وەك پێوەری دەستنیشانکردن و ناسینەوەی زمانی شیعریی، هەژماردەکرێن. بەوەش دەبنە بنەما لە بەرجەستەکردنی لایەنی ئیستاتیکی بۆ چنین و بەرهەمهێنانی دەقی شیعریی.

٢. پەیوەست بە خاڵی (١)هوە، لادانی ڕێزمانی، هەردوو پرۆسەی (لادان لە وشەی باوی فەرهەنگی، لادان لەسەر ئاستی سینتاکس) دەگرێتەوە، کە لە هەریەکێکیاندا بەزاندنی هەندێك مەرج و بنەما، هۆکاری هێنانەئارای ئەمجۆرە لادانەن. لادانی واتایش، گۆڕان لە پەیوەندیی واتایی نێوان ناو و ناولێنراو (دال و مەدلوول)دا پەیوەست بە فیچەری سیمانتیکییانەوە دەخوڵقێنێت، بەوەش وشەو لێکسیمەکان لە واتا باو و فەرهەنگییەکەی خۆیان لادەدەن و بۆ واتاو مەبەستی دیکە لە مەودای دەق شیعرییدا بەکاردێن، بۆ ئەمەش، بەزاندنی (کۆتی هەڵبژاردن، کۆتی هاوڕێیەتی)، هاوکات هەریەك لە دیاردە زمانییەکانی (پارادۆکس، دانەپاڵ، ڕەنگپێدان)، لەبەرهەمهێنانی لادانی واتایی لە چوارچێوەی دەقە شیعرییەکانی (کەژاڵ ئەحمەد)دا ڕۆڵیان هەبووە.

## سەرچاوەکان

### أ- بەزمانی کوردیی:


ئازاد ئەحمەد مەحمود (٢٠٠٩)، بونیاتی زمان لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا، بڵاوگراوەی ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

ئەحمەد محەمەد ڕەشید میرە (٢٠١٩)، دیاردەی یاخیبوون لای شێرکۆ بێکەس و محەمەد ماغوط (دیوانی ئێستا کچێك نیشتمانمەو دیوانی شرق عدن غرب الله بە نموونە)، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

ئەرستۆ (٢٠٠٤)، هونەری شیعر، و: عەزیز گەردی، چاپخانەی گەنج، سلێمانی.

ئیدریس عەبدوڵڵا (٢٠١١)، شێوازو شێوازگەری، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

ئیدریس عەبدوڵڵا (٢٠١٣)، شێوازگەری لادان، بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، چاپخانەی لەریا، سلێمانی.

باوکی میرۆژ (ئا) (٢٠٠٢)، تەوەرێك بۆ ئەودیو ڕەهەندەکانی وشە، گ (کۆسار)، ژ. (٢-٣)

پەخشان عەلی ئەحمەد (٢٠٠٩)، شێوازی شیعری گۆران، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.

حمە کەریم عارف (٢٠٠٧)، دەربارەی شیعرو شاعیری، چاپخانەی یاد، یەکەم چاپ، سلێمانی.

خانزاد عەلی قادر (٢٠٠٤)، زمانی شیعرەکانی حاجی قادری کۆیی و مەحوی و شێخ ڕەزا، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سەلاحەدین.

زاهیر لەتیف کەریم و نیان نەوشیروان مەستی (٢٠١٧)، فرە خوێندنەوەیی لە دەقی (ئێستا کچێك نیشتمانمە)ی شێرکۆ بێکەس، چاپی یەکەم، سلێمانی، هەرێمی کوردستان.

سافیە محەمەد ئەحمەد (٢٠١٣)، لادان لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

سامان عیززەدین سەعدون (٢٠١٠)، بنیاتی هونەری لە شیعرەکانی (لەتیف هەڵمەت)دا، چاپخانەی کەمال.

سەعید فاروق یوسف شێخ بزێنی (٢٠١١)، بونیاتی هونەری لە شیعری ئەحمەد موختار جافدا، چ١، چاپخانەی ڕۆشنبیر، هەولێر.

شێرزاد عەبدوڵڵا قادر (٢٠١٤)، لادان لە شیعری (ڕەفیق سابیر)دا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

شێرکۆ بێکەس (٢٠١٣)، حەفتا پەنجەرەی گەڕۆك، چاپی یەکەم، ناوەندی بڵاوکردنەوە: نیشتمان، سنە.

عبدالواحید مشیر دزەیی (٢٠٠٧)، لادانی واتایی لە زمانی شیعردا، مجلة (كلية اللغات)، العدد (١٣).

عەبدولسەلام نەجمەدین عەبدوڵڵا (٢٠٠٨)، شیکردنەوەی دەقی شیعری لەڕووی زمانەوانیەوە، چاپخانەی حاجی هاشم، چاپی یەکەم، هەولێر.

کەژاڵ ئەحمەد (٢٠٠٦)، دیوانی کەژاڵ ئەحمەد، بەڕێوەبەرایەتیی چاپ و بڵاوکراوەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، سلێمانی.

محەمەد مەعروف فەتاح (٢٠١٠)، لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

محمد معروف فتاح (٢٠١١)، زمانەوانی، چاپی سێیەم، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

ناز ئەحمەد سەعید (٢٠١٠)، لادان لە شیعری (لەتیف هەڵمەت)دا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

هاوژین سلێوە عیسا (٢٠٠٩)، بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری شێرکۆ بێکەس دا، چ١، چاپخانەی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

**ب_ بە زمانی عەرەبی:**

أحمد محمد ویس (٢٠٠٢)، الانزياح في التراث النقدي و البلاغي، مطبعة اتحاد الكتاب العرب، دمشق.

جان كوهن (١٩٩٩)، اللغة العليا، النظرية الشعرية، ت: احمد درويش، الطبعة الثانية، المجلس الاعلى للثقافة.

طراد الكبيسي (٢٠٠٤)، في الشعرية العربية، منشورات اتحاد كتاب العرب، دمشق.

محمد رضا المبارك (١٩٨٧)، اللغة الشعرية في الخطاب النقدي العربي، الدار الشؤون الثقافية العامة، بغداد.

يحيى بن حمزة بن على ابن ابراهيم العلوى اليمني (٢٠٠٨)، الطراز لأسرار البلاغة، الجزء الأول، المكتبة العصرية، صيدا، بيروت.